# غەدرێکی مێژوویی

# فەتواکەی مەلای خەتێ لە دیدی "مەسعوود محەمەد"ەوە

حەیدەر عەبدوڵڵا

٢٠١٤

## غەدرێکی مێژوویی

# فەتواکەی مەلای خەتێ لە دیدی

# "مەسعوود محەمەد"وە

# حەیدەر عەبدوڵڵا

٢٠١٤

ناو: **غەدرێکی مێژوویی**

**“ فەتواکەی مەلای خەتێ لە دیدی**

**"مەسعوود محەمەد"وە ”**

بابەت: **لێکۆڵینەوە**

نووسەر: **حەیدەر عبدوڵڵا**

دیزاین: **هێرش حەمەد**

بەرگ: **هیوا تاوگۆزی**

ژمارەی لاپەڕە:**٩٦**

قەبارە: **١٠,٥ * ١٤,٥**

شوێنی چاپ: **هەولێر**

چاپ: **یەکەم**

# پێشەکی

کە ڕووداو کەوتە نێو باوەشـــــی مێژوو، ســــەتان نەنگی و لەنگی بەرۆکی دەگرن، دەیان جار لەنێو واقیع و خـەیـالـّدا بێنـەوبـەردەی پێ دەکرێـت، هەرکەسە و بە بیروباوەڕی خۆی کێشانەی دەکات، لینگی درێژ دەکەنەوە و، دەســـتی هەڵدەپاچـــن، دەمی دەبڕن و زمانی لەتوپەت دەکەن.

داخی گرانم، گەلێك جار مێژوونووسانیش دەکەونە ژێر کاریگەریی ئایدۆلۆژیا و بەرژەوەندیی تاکەکەسیی خۆیان، بە فیتی خەڵکی عەوام هەڵدەپەڕن و بە ئاوازی دەستەڵات، مێژوو دەژەنن، رابردەی نەتەوەیەك سەرنگووم دەکەن و کەسایەتییەکانی لەکەدار دەکەن، عەگیدانی بە شەهوەتی دنیاویستی تۆمەتبار دەکەن، بە تەرازووی واقیع مێژوو پێوانە دەکەن!

مێژوو وەك کائینێکی مردوو وایە، ئەوە ئێمەین زیندووی دەکەینەوە و شەڕی مان و نەمانی بۆ دەکەین. مێژوو لە نێو یادگەی ساڵانی ڕابردوو، ساردوسڕە بووە، ئەوە ئێمەین گەرمی دەکەینەوە و بە تامی ئەمڕۆ دەرخواردی نەوەی نوێی دەدەین.

ئەمڕۆ لە جیهانی نوێدا، مێژوو گەورەترین غەدری لێ دەکرێ، بە بەرچـــاوی هەموو خەڵکی دنیا چــەواشــە دەکرێت و هەزاران بوختان و قسەڵۆکی نائاسایی و نایاسایی بۆ هەڵدەبەسترێت.

وەك دەبینین ئێســـــتـا ڕاگـەیـانـدن بە (بینراو، بیســتراو، خوێنراو)لە چـڵەپۆپەدایە، کەچـی تاکە هەواڵێك بە چــەندەها شــێواز بڵاو دەکرێتەوە، کە دەگەڕێیتەوە بۆ ســەرچـاوەکەی، هیچـی بەســەر هیچـــەوە نییە، هەر دەڵێی ئەم هەواڵە باســـی هەرێمێکی دیکە دەکات و پەیوەندەی بەم وڵاتەوە نییە! ئەی لە باسی هەواڵێکی ناڕاستی سەتەیەك بەر لە ئێســـتا چــــی دەفەرموون، کە گەرد لە

هەموو لایەك گەردانەی كردووە و ئاشی زەمانەش بێ ڕەحمانە هاڕیویەتی!
هەواڵی تۆمەتباركردنی مەلای خەتێ بە خیانەت، لە نووكی قەڵەمی چەند نووسەرێكی بێئاگا ترازا و بە هەموو وڵاتدا پەخش بوو، هێندێكیان كە هەر نازانن مەلای خەتێ[1] كێیە و لە كوێ بووە،

---

١- ناوی محەمەدی كوڕی ئەحمەدی كوڕی عەبدولڕەحمانی كوڕی ئیسماعیلی كوڕی سلێمانە، لەساڵی ١٧٨٥ زایینی لە گوندی (خەتێ)ی ناوچەی خۆشناوەتی لە دۆڵی بالیسان لە دایك بووە "كە دەكەوێتە نێوان هەر دوو شارۆچكەی سەرووچاوە و خەلیفان" مەلای خەتێ لە ڕەچەڵەك بە (شێخ سلێمانی) ناوی ڕۆیشتووە، لەنێو خەڵك بە (مەلای خەتێ) ناوزەد كراوە، لەلای زانایان بە (محمد الخطی الأفندی) ناسراوە، لە خێزانێكی زانستدۆست و عیرفانپەروەر گەشەی كردووە، باپیری بە درێژایی تەمەنی خەریكی وانە وتنەوە بووە. لە ساڵی ١٨٦٠كۆچی دوایی كردووە.بەرهەمەكانی مەلای

شـــەلم کوێرم، چـــەندان لاپەڕەی لەســـەر دەنووسن و سواری ئەسپی هاری ئایدۆلۆژیای وشکەهەڵاتووی خۆیان دەبن، بەمەش نە سوود بە خۆیان دەگەیەنن و نە کەسیش لێیان بەهرەمەند دەبێت.

بە بۆچـــوونی من باشـــترین ســـەرەداوێك کە لەم بارەوە ڕێنوێنیمان بکات و لەنێو ئەو مشتومڕەدا بە ئەنجاممان بگەیەنێت، نووســـراوەکانی بیریاری

---

خەتی : ١-حواش على تفسير البيضاوى. ٢- حاشية على شرح جمع الجوامع.٣-حاشية على تحفة إبن حجر.٤- حاشية على تعليقات عبدالحكيم الهندى على (المطول).٥-رسالة العلم فى علم الكلام ، تەنیا ئەم کتێبەی دۆزراوەتەوە و چاپ کراوە، واپێدەچێ کتێبەکانی دیکەی فەوتابن. (محمد باشا الرواندزي، تاهير عبدالله،الطبعةالاولى، مطبعة الثقافة، اربيل، ٢٠٠٢).

گەورەی کورد مەسعوود محەمەدن[2]. لە وێوە دەتوانین لە ریشە و بنجی بابەتەکە بگەین، چونکە مەسعوود محەمەد تەنیا لەپێناو هەقیقەت بەرگری لە مەلای خەتێ کردووە، نەك لەبەر ئەوەی مەلابووە و سەر بە فلان ئایین و مەزهەب بووە.

---

٢- بیریاری هێژا مامۆستا مەسعوود محەمەد، زادەی ساڵی ١٩١٩ی کۆیەی باشووری کوردستانە، ڕۆژی ١ی نیسانی ساڵی ٢٠٠٢ لەشاری هەولێر، دونیای جێ هێشت.مامۆستا مرۆڤێکی هەقپەرستی، مرۆڤدۆستی کوردستانپەروەر بووە، لەبواری فیکر، مێژوو، زمان، ئەدەب و جڤاتناسیدا بە کوردی و عارەبی بەرهەمی هەیە. بەرهەمەکانی مەسعوودمحەمەد هەم لە ڕووی ناوەڕۆك و هەم لە ڕووی ڕووخسارەوە سەنگ و پلەیان تایبەتە. سەرچاوەی فەرهەنگ و زانیارن. مامۆستا لە بەرهەمەکانیدا داکۆکی لەئازادیی بیر دەکات، هزر و بۆچوونی باو دەکاتە بابەتی تۆژینەوە، ڕەخنە لەدیدی ماددی دەگرێ و داکۆکی لە مرۆڤ دەکات.(www.mamosta.net)

ئەوەی مەسعوود محەمەد بناسی و کتێبەکانی بە قووڵی خوێندبنەوە، بێ لاموجیم ئەم شایەتییەی بۆ دەدات، کە ماMۆستا هەقیقەتی لە هەمووشتێك پێ پیرۆزتر بووە، تاکوو کۆچی دوایشی کرد، بەوپەڕی دڵگەرمی و حەماستەوە بۆی کۆشا و بەرگری لێ کرد.

حەیدەر عەبدوڵڵا شێخ وەسانی

٢٠١٤/٥/٥

هەولێر

# پێشدەست

مەلای خەتێ ئەم فەتوایەی داوە یان نا؟ چـــۆنە و چیی بووە؟

بەر لە هەمووشـتێك پێویسـتە دەقی ئەو فەتوایە بخەینە ڕوو کە گوایە مەلای خەتێ داویەتی، دواتر لەژێر ڕۆشـنایی لێکدانەوە و شـیکردنەوەکانی مەسعوود محەمەد تانوپۆی فەتواکە بکەین.

حوسـێن حوزنی موکریـانی[3] لە کتێبی (میرانی سـۆران)، لەژێر ناوی "نائومێدی و دەسـیسە"،

---

٣- حوسێن حوزنی موکریانی ساڵی ١٨٩٠ کۆچی لەشاری مەهاباد (سابڵاغ) لە گەڕەکی حاجی حەسەنیان هاتۆتە دنیاوە.حوزنی موکریانی خوێندنی لە حوجرە و مزگەوتەکان و تەکیەکانەوە دەست پێ کردوە.حوسێن حوزنی سەرەتا لای باوکی و خاڵەکانی خوێندوویەتی و لەتەمەنی (٢١) ساڵیدا ئاوارە بووە و چەندین وڵاتی دەرەوەی بینیوە، وەك (ڕووسیا، ئەفغانستان، سووریا، لوبنان، میسر، حیجاز، فەڕەنسا ). حوسێن حوزنی هەموو کوردستانی بەردەستی ئێران وعوسمانی ئەوسا گەڕاوە و بەمۆرهەڵکەنی بەڕێ چووە. ساڵی ١٩١٥ لە حەڵەب چاپخانەیەکی ی گچکەی پێکەوەناوە بۆ بڵاوکردنەوەی ئەدەب و مێژووی کوردی

دەنووسـێت: مسـتەفا ڕەشـید پاشـا لە ئاکرێ فەرمانێکی هەڵبەستی بە عارەبی و پڕ لە ئایەت و حـەدیس بۆ میر نـاردە ڕواندز، بە کورتی ئەمە تەرجەمەکەیەتی:" بە شەرت و عەهد و میساق و پـەیمـانی خولەفایانی ڕاشـیدین بێت، کە لەگەڵ موسـڵمانان کردوویانە، ئەمینت دەکەم کە هەر چـتێکی ئێوە پێتـان ناخۆش بێت، لە هەقتاندا ئیجرا ناکەم و هیچ بێ دڵی و ناگوزارێکی لە ئێوە خۆش نـەبێـت، لـە ئێمـەوە بۆ ئێوە ڕوو نـادات، ئـارەزوومـان هەر ئەوەندەیە کە ئێوە بکەونە ژێر

---

تەرخانکردووە.حوسێن حوزنی ساڵی ١٩٢٥ هاتۆتە ڕەواندز و چاپخانەی زاری کورمانجی دامەزراندووە. ساڵی ١٩٤٣ لەڕەواندز دوورخراوەتەوە و تا کۆچی کردووە لە بەغدا ژیاوە.(wikipedia.org ) .

سـێبەری (زیلّولّلا)، ئەمیری (موئمینین) کە زاتی ئەقدەسـی شـاهانەیە، ئەوجا لە هەموو بەلاّیەك ڕزگار دەبن، لە دنیا و ئاخیرەتدا بە ئاسوودەیی و کەیفخۆشی دەژین، شەرت و عەهدێکی خەلافەتی ئیسـلامی لەگەلّ ئومەڕایانی ئیسـلامی کردووە، ئـەمنیش ئـەو پـەیمـانەتان لەگەلّ گریّ دەدەم کە ئەمین بن و نەترسـێن، ئەمن بە شـەفەقەت و عـەدالـەت ئێوە وەکوو ئەولادی خۆم، لەژێر باڵی مەرحەمەتدا بەخێو دەکەم و بە نیشـان و خەلاّت فـەرمانی میری میرانی ئەمارەتی سـۆرانتان بۆ تـەسـدیق دەکەم، هەرچـییەکت بووێت و هەر پێویسـتییـەکـت ڕووبـدا دەیـدەم ، لـە هەموو تـەنگـانـەیـەك یـارمـەتیتـان دەکەم و بەسـەر

دووژمنتاندا زاڵ دەکەم، ئەوانەش لە دوای هاتنتان بۆ بۆ بابی عالی دەکەوێتە ئیجرائاتەوە.
کە ئەو فەرمانە گەیشتە (رواندز) میر هەموو سەرهەنگەکانی لەشکری کۆکردنەوە و مەلا محەمەدی خەتێی خواستە حزوور لەشکر و ئەهالی بە جارێك گوتیان: چوونتان لە دوای نەبوونی ئێمەیە.
مەلای خەتێ هەستا خوتبەیەکی دوور و درێژی خوێندەوە و فتوای دا هەرکەسێك شەڕ لەگەڵ لەشکری عوسمانی بکات بەبێ ئیمان دەمرێ، لە ژیانیدا تەڵاقی دەکەوێت، ئەو خوتبەیە لەو ڕۆژەدا تەئسیری بەخشی و بوو بە مایەی بێهێزبوونی میر و ناچاری کرد کە خۆی تەسلیم بە تورك بکا، هەر

وەك كردی[٤]." هەموو ئەوانەی بە خراپ و چـــاك لەبارەی فەتواكەی مەلای خەتێیان نووسـیوە، لەم دەرچـەوە بۆی چـوون، بەشـێكیان بە خائینیان لە قـەڵـەم داوە و هێندێكیش بە كەسـێكی پاك و بێگەرد. یەك لەو نووسـەرانەی بە شـێوەیەكی چڕوپڕ لەسەر فەتواكەی مەلای خەتێی نووسیوە، مامۆسـتا مەسـعوود محەمەدە، لە هەر یەك لە كتێبی (اعـادة التوازن) و (من هموم الحیـاة) و (حـاجی قـادری كۆیی، بـەرگی٢) و دوو ژمارەی گۆڤاری كاروان ...تاد، شـەنوكەوی ئەم باسـەی كردووە، بـە قووڵی و بە بیرێكی ورد بەرپەچـی دژەكـانی داوەتەوە. ئێمە لە خوارەوە هەوڵدەدەین

---

٤- سەرجەمی بەرهەمەكانی حوزنی موكریانی ، لـ ٦٣.

بە پوختی و ڕاوبۆچــوون و بەڵگەکانی مامۆســـتا مەسعوود **محەمەد** لەم بارەوە **بخەینە** ڕوو.

من لــەم لێرەدا هــاتووم تێڕوانینی مــامۆســـــتــا مەســعوودم ســەبارەت بە فەتواکەی مەلای خەتێ چــڕکردووەتەوە و لە دووتوێی هەشــت خاڵ دەرم بڕیوە.

# خاڵی یەکەم

## مەلای خەتێ و حاجی قادری کۆیی[٥]

ئـاشـــكرايـه مەلای خەتێ فەقێی زانای گەورەی کورد، (ئیبنوئـادەم) بووە، حـاجی قادری کۆییش فەقێی مەلا محەمەدی خەتێ بووە، کەچـــی حاجی

---

٥-حاجی قادری کۆیی (١٨١٦-١٨٩٧)عەبدولقادر، کوڕی مەلا ئەحمەد کوڕی مەلا ساڵحی کوڕی مەلا ئەحمەدی گەورەیە. حاجی قادر حەجی نەکردووە، وشەی حاجی بە مانای ئەوەیە کە لەمانگی حاجیان لە دایك بووە و هەر لە منداڵییەوە حاجی قادریان پێ وتووە. لەساڵی ١٨١٦ لە گوندی گۆڕ قەرەج لە خوارووی ڕۆژاوای کۆیە لە دایك بووە. زۆر منداڵ بووە کە باوکی مردووە ولە ٧ ساڵیدا دایکی ناردوویەتیە بەرخوێندن، لای مەلا ئەحمەدی خاڵۆزای. دوای دووساڵ دایکیشی دەمرێ خاڵۆزاکەی بەخێوی دەکات. لەهاوینی ١٨٥٣ لەگەڵ مەلاعەبدوڵلای جەلیزادە بۆفەقێتی دەچن بۆ گوندی شێخ وەتمان. دوای ماوەیەك بۆ درێژەپێدانی دەرسی مەلایەتی حاجی بە تەنیا ڕوو لە شارەکانی سەردەشت و سابڵاغ و شنۆ دەکات و لە ساڵی ١٨٦٢ ئیجازەی دوازدە عیلمی وەردەگرێ و دەگەڕێتەوە بۆ کۆیە.( wikipedia.org) حاجی قادری کۆیی چەند ساڵێك لای مەلای خەتێی خوێندووە. بڕوانە:کتێبی (پاشای ڕواندز...) و (لە پەرۆشییەکانی ژیان).

قادری کۆیی بە ڕستەیەکیش باسی ئەم فەتوایەی مامۆستاکەی (مەلای خەتێ)ی نەکردووە... نە بە خراپ، نە بەچاك، تەنانەت بە نیمچە قسەیەکیش لەم بارەوە ورتە و پرتەیەکی نەکردووە.

مامۆستا مەسعوود محەمەد ئەمە وەك بەڵگەیەکی بەهێز دەهێنێتەوە و دەڵێ:" حاجی قادری کۆیی لای زانای گەورە (مەلای خەتێ) خوێندوویەتی، خۆ ئەگەر مەلای خەتێ فەتوایەکی لەم شێوەیەی دابێت، دەبوو حاجی لە شیعرەکانی نیوەی دووەمی تەمەنیدا، کە هۆشی بەرەو نەتەوایەتیی کراوەتەوە و چاکە و خراپە

تێگەیشـــتووە، باســـی کردبا، ئاخر حاجی هیچ شـــتێکی زەرەربـەخشـــی لە بواری نەتەوایەتی نەهێشـتووەتەوە، کە بە هەڵنان و ریسوایی باسی نـەکات، کە دەبینین بۆنی ئەو وەهمەی تێدا نییە، کـە خـەتی پێ تۆمەتبار بکات، یا زەمی بکات، ئەو قســـە دەماودەمە دەســـلمێنێ کە هەرچـــی ڕوویداوە، بە ڕەزامەندیی پاشا خۆی بووە"[٦]

دەربارەی قســەکانی مامۆستا مەسعوود محەمەد، ئەگەر بشڵێین حاجی قادری کۆیی لەبەر ئەوەی لەم

---

٦- هاوسەنگکردنەوەی تەرازوویەکی سەنگەلا، مەسعوود محەمەد، وەرگێرانی حەکیم کاکەوەیس، لـ(١١٢- ١١٣).

فـەتوايـە بيـێدەنگ بووە، چـــونكە مەلای خەتیّ ماموّســتای بووە، ئەمە هیچ لەگەڵ جەســووری و ئـازايی حاجی تێك ناكەتەوە. هەرگیز ناچـــیّ بە هۆشـــی هیچ كەســـێك كە شـــاعیرێكی هێندە نەتەوەپەروەر، هێندە هەڵكشـاو لە فیكردا، چـاو لە خیانەتێكی وا زل بپۆشـێت، قەت ئەمە لەگەڵ لۆژیك و هەقیقەتدا یەك ناگرێتەوە... چـۆن دەبیّ كەســـێك بووبێتە هۆی هەرەســـهێنانی دەوڵەتی كـوردی و، تـاكـە قـەڵای ئومیـێدی كوردانی رووخـاندبێت، كەچـــی حاجی خۆی لیّ لە خەتی مەیلان بدات! بێگومان ئەگەر شـــتێكی وا رووی

دابیـێت و حـاجیش لای بۆ لا  نەکردبێتەوە، ئەوە بەشێکی گوناهەکە بەر ئەویش دەکەوێت.

جـەلال دەبـاغ کتێبێکی بـە نـاوی:(حاجی قادری کۆیی) دانـاوە، تێیـدا رەخنـە لـە بۆچـوون و شـیکردنەوەکانی مەسعوود محەمەد دەگرێ، بەڵام لەبارەی بەرەو پێشـچوونی فیکری حاجی قادری کۆیی دەڵێ: " رۆژ لـە دوای رۆژ ئـاسـۆی بیری (حاجی قادر)، ڕوونتر و بەرینتر بووە و زۆر چـاك پەردەی داماڵیوە لەڕووی شـێخ و مەلا و ئاغای کۆنەپەرست، کە ڕێگەی پێشکەوتن و بووژاندنەوە

له گەل دەگرن"[٧] ئەگەر وایە بۆچــی لە ئاست ئەو تاوانە گەورەی مەلای خەتێ چاوی داخستووە؟

٧- حاجی قادری کۆیی، جەلال دەباغ، لـ(٣٠).

# خاڵی دووەم

## ئەگەر مەلای خەتێ فەتواییێکی وای دابێت، بۆچی پاشای کۆرە[٨] لێی بێدەنگ بووە؟

به گوێرەی سەرچاوەکانی مێژوو (پاشای کۆرە) کەسێکی ئازا و چاونەترس بووە، لەپێناو پاراستنی میرنشینەکەی هەرچی پێویست بێت کردوویەتی، لە هەر لایەك هەستی بە دژایەتییەك کردبێت، بە شەڕ یان بە ئاشتیی بنبڕی کردووە. کەس نەیوێراوە خۆی لە کاروباری هەڵقورتێنێت، مەسعوود محەمەد لەسەر توونودتیژی ئەم پاشایە دەڵێ:" پاشای کۆرە لە حوکمڕانیی خۆیدا دەستی نەپاراستووە لە کوشتن، کە یەکێك بووبێتە هۆی

٨- محەمەدی کوڕی مستەفا بەگ ناسراو بە (پاشای کۆرە) لە ساڵی (١٧٨٣ز) لە رواندز لە دایك بووە، لە ساڵی ١٨٣٧لە کاتی گەرانەوەی لە ئەستەمبۆڵ بۆ رواندز، دەکوژرێت. (محمد پاشاالرواندزی)

بێهێزیی حکوومـــەتـــەکەی، یان ئەو گومانەی لێ کردبێ کوشـــــتوویـــەتی، بـــەر لـــە هـــەموو خەڵك مامەکانی خۆی کوشتوون. دەوجا پیاوێکی وا ڕژد لەســـەر پارســـتنی دەستەڵاتەکەی، چۆن بێدەنگ و دەســـتەپاچـــە ڕادەوەستێ لە عاست مەلای خەتێ، کـــە خـــەریـــك بێ کارێك بکات تەخت و تاجی لێ تێـــك بـــدات؟ مـــەلای خـــەتێش کـــە شـــــــارەزای خوێنڕێژیی پاشـــای کۆرەیە، چۆن ئەو فەتوایەی دا و هـــەڵنـــەهـــات بۆ جێگەیەك خۆی تێدا بپارێزت، وەك دەزانین، نە پاشـــا مەلای کوشت و نە مەلاش

ترسـا، له كوشـتن، چـونكه فەتواكه لەسـەر پەسندكردنی پاشا بووه"[9]

" ئـەگەر مەلا خەتیٚ ئەو فەتوایەی دابیٚت، گوایه مـەلای خەتیٚ دووره دەسـتر بوو له حوسـیٚنی جگەرگۆشەی پیٚغەمبەر (د.خ)؟ یان ئەمیر کەمتر له یەزید خۆی خۆش دەویسـت؟ یاخود یەزید له کوشـتنی حسـیٚن خاوەن هەقتر بوو تا ئەمیر له کوشتنی مەلا؟"[10].

له قسـەکانی مامۆسـتا مەسـعوود محەمەد وا دەفامریٚتەوه، که پاشـای کۆره بۆ بەردەوامبوونی

٩- حاجی قادری کۆی، بەرگی دووەم، مەسعوود محەمەد، لـ(٧١-٧٢)

١٠- له پەرۆشەکانی ژیان،لـ ١٠٦.

حوكمڕانییەکەی هەموو توونـدوتیژیەکی بەکار هێناوە، هەتا بە کوشتنیشەوە، ئەی باشە چۆن دەرەقەتی مەلایەکی بێچەك و بێ سوپا نەهاتووە، کە بە رۆژی ڕووناك خیانەتی لە حکوومەتەکەی کردووە؟ کەسێك بتوانێت مامەکانی خۆی بکوژێت، ئایا دەشێ هێندە بە ئاسانی لە مەلای خەتێ خۆش بووبێت؟ هەموو ئەوانە بەڵگەن لەسەر ئەوەی کە مەلای خەتێ فەتوایەکی لەم چەشنەی نەداوە.

# خاڵی سێیەم

## لە ڕووخانی میرنشینی سۆران، زیانباری یەکەم مەلای خەتێ بووە

ئەگەر مەلای خەتێ فەتوایەکی لەم جۆرەی دابێت، وەك مامۆستا حوسێن حوزنی موکریانی باسی دەکات، ئەوە پێش هەموو کەسێك مەلای خەتێ زیانی بەرکەتووە. چۆن دەچێتە هۆشی ساغ، مەلایەکی هێندە زانا دوای بیست ساڵ خزمەتکردنی لە لایەن پاشای گەورەوە، ئەو بەدنمەکییە بنوێنێت و فەتوایەکی هێندە بێسەروبەر بدات و میرنشینێکی ئەوها مەزن سەراوبن بکات.

مامۆستا مەسعوود محەمەد دەڵێ: " هەڵوەشانی ئیمارەتی پاشا، زەرەربەخش بووە بۆ مەلای خەتێ

خۆی، هیچ یەکێك لە مەلاکانی کورد نەبووە بەو شکۆیەی دنیایی و ئەو پایە مەعنەوییە گەیشت بێت، کە مەلای خەتێ بە درێژایی بیست ساڵ لە حوکمی پاشادا، بە پێشەوایی دینییەوە پێی گەیشت بوو. ئەوەی زانراویشە لە حاڵوباری مەلا، دوای بەسەرچوونی حاکمایەتیی ئەمیر بە چەند ساڵێك، گەڕاوەتەوە بۆ دێی خۆی و دەرسی فەقێیان[١١]"

لێرە دەردەکەوێت کە مەلای خەتێ بە هەرەسهێنانی میرنشینی سۆران، لەلایەنی ماددی

١١- لە پەرۆشییەکانی ژیان، لـ١٠٦

و مەعنەوی زەرەری پیٚ کەوتووە، بە دلّیٚکی سارد گەڕاوەتەوە گوندەکەی خۆی (خەتیٚ) لە دۆلّی بالیسان، ئەو حوجرە و کۆڕ و تەدریسەی کە بیست سالّی ڕابردوو پیٚکی هیٚناوە و سازی داوە، لە کیسی چووە. دەبیٚ مەلای خەتیٚ چەند خەمی بۆ لە دەستچوونی ئەو هەموو پایە و پیٚگەیەی کە لە لایەن خەلّك و پاشا هەیبووە خواردبیٚ؟ دەبیٚ چەند جار فرمیٚسکی بۆ ڕووخانی ئەم میرنشینە هەلّڕشتبیٚت؟

حاجی قادری کۆیی لە شـــــیعرێکدا بە ســــۆزەوە وەســــفی پــاشـــــای کۆرە و براکـەی دەکـات کە مەسرەفی زانیانیان کردووە:

تا تەعیناتی کۆر و لاڵ مابوو
لە گەلیَ دێیەکان مەلای چا بوو.

# خاڵی چوارەم
# کێ ئەم فەتوایەی هەڵبەستووە؟

مــەســــعوود محەمەد دەڵێ: موكریانی ئەزیەت و ئازارێكی زۆری كێشـــا تا چـــاپخانەی گەیاندە ڕواندز، (ســەید تەها) [١٢]یارمەتەیەكی باشی دا و خانوو و زەوی و شـــوێنی بۆ دەســـتەبەر كرد، لە دەركردنی (زاری كرمانجی)یشـــدا هاریكاری بوو، بۆ موجامەلەی دڵی ســەید تەها، حوسێن حوزنی ئــەم فەتوایەی بڵاو كردەوە. شـــێخ محەمەد تەها بالیســانی ســوێندی خوارد و گوتی: مەلای خەتێ

---

١٢- سەید تەها لە ساڵی ١٩٢٣ لە لایەن ئینگلیزەكانەوە كراوەتە قائمقامی ڕواندز، چەند خزمەتێكی بەو ناوچەیە كردووە، وەك دانانی چاپخانە و دەركرنی گۆڤار و كردنەوەی خوێندنگەیەكی سەرەتایی لە رواندز. (مێژووی راواندز).

پێی خوار دانـــەناوە، بەڵکوو حوزنی ئەو هەرایەی نایەوە"[١٣].

عــەبــدولفــەتــاح عــەلی یــەحیــا یــەکێکــە لــەو رۆشـــنبیرانەی تۆمەتی خیانەتی داوەتە پاڵ مەلای خەتێ، مامۆستا مەسعوود محەمەد لە ژمارە ٧٠ و ٧١ی گۆڤاری کاروان وەڵامی داوەتەوە، کەچـــی لــە بــارەی حوســـــێن حوزنی موکریانی دەڵێت:" حوسێن حوزنی موکریانی هەرچی نووسیویە بەبێ ســـــەرچـــــاوە بووە، هەر لە دەمی خەڵکی وەری

١٣- مەسعوود محەمەد، گۆڤاری زۆزك لـ ٢٦- ٢٧

گرتووه. بـەڵێ چـــووەتـە ڕوانـدز، بـەڵام دوای (٨٧)ساڵ، بەسەر لەناوچوونی پاشای کۆرەدا"[١٤] کـامەران جەمال زادە دەڵێ: بنەماڵەی خەتێ کە ناســـراون لە ڕواندز، پارچـــە زەوییێکی بەراو بە ئـەمانەت دەدەنە (حوســـێن حوزنی موکریانی)، لـەســـەر ئەوە نێوانیان تێك دەچـــێت، هەر لەو کـاتـەشـــدا کتێبی (مێـژووی میرانی ســـۆران) دەنووســـێ و ڕق و کینەی خۆی پێیان دادەڕێژێت،

١٤- گۆڤاری کاروان، ژمارە ٣٨، عەبدولفەتاح عەلی یەحیا.

کاتێك داوای دەستنووسی (مالیخا) لێدەکەنەوە، دەڵێت نەماوە و سووتاوە"[15]

هەر یەك لەم قسانە پشتگیریی بۆچوونی مامۆستا مەسعوود محەمەد دەکەن، کە لە بنچینەدا هیچ شتێکی وەها ڕووی نەداوە، بەڵکوو لەسەر گرفتێکی کۆمەڵایەتی ئەم غەدرە لە مەلای خەتێ کراوە، فەتوایەکی لەم شێوەی بۆ هەڵبەستراوە.[16]

---

١٥- فەتواکەی مەلای خەتێ، ئەفسانەی مێژوونووسێك، حەسەن مەحموود حەمە کەریم، لـ ٦٨- ٦٩.

١٦- وەك ئاشکرایە مەلای خەتێ زانایێکی بلیمەت و لێهاتوویێکی گەورەی سەردەمی خۆی بووە، بەتایبەت لەزانستە عەقلّیەکان پایەیێکی مەزنی هەبووە، مەلائەفەندی هەولێری بەم شێوە بەرزە وەسفی کردوە:(إمام الأفاق

بالإتفاق أستاذ الكل فى الكل على الإطلاق غطريف المتأخرين وأكمل المتبحرين، ناقد السابقين وقائد اللاحقين العالم الربانى محمد الأفندى الخطي) مامۆستای مەسعود محەمەد لە باسی مەلای خەتیّ دا بەم شێوە دەدوێت:(إنه واحد من أعلم أهل زمانه بعلوم الإسلام، وإنه حبر عظيم فى مراتب الإجتهاد، أخذ العلم من أفذاذ الكرد وإن ثقل علمه لا ينهظ به الا ميزان يزن فطاحل علماْء الإسلام وتخرج على يديه علماء أجلاء من الكرد والعرب وغيرهما على مدى عشرات السنين)لەلایەکی تر (إبراِهيم فصيح الحيدری) لەگەورەیی ئەودا دۆش دادەمێنێنت و دەڵێت( العلامة المحقق، والفهامة المدقق، صاحب الذهن الوقاد، وشيخ العلماء، والورع الصالح،محمد الخطى وكان من أعظم علماء العراق وقد إنتفع به خلق كثير). وەك لەسەرچاوەکان ئاماژەی بۆکراوە مەلا محمدی خەتی (مەرجەع)ێکی گەورە وگشتی ناوچەکە بووە، بۆهەموو گرفت و کێشە کۆمەڵایەتیەکان گەڕانەوەی بۆ لای ئەو. ئایا دەکرێ هەڵەیەکی هێندە گەورە بکات، هەم ئەمیر لە خۆی زیز بکات و هەم خوداش لە خۆی بڕەنجێنێت. بڕوانە: بۆ کتێبی

شـــێركۆ هـەژارموكريـانی دەڵێ: ((حوزنی لــە شــوێنێكدا باســـی یەكەم شـــەڕی گەورەی نێوان لەشـــكری پاشـــای كۆرە( بە فەرماندەیی ئەحمەد بەگی برای میر) و ئەوەی عوسمانی بە فەرماندەی ئینجە بایراقدار) دەكات، دەڵێ:

"... ئەگەرچـی عولەمایان نەیاندەهێشـت شـەڕ لـەگـەڵ توركان بكا، ئەحمەد بەگی ســـەرهەنگ قبووڵی نەكرد و گوتی: دەبێ شەڕ بكرێ، لەشكری میر لە نزیك زێی بادینان پێشیان بە تورك گرت و

عنوان المجد ،گۆڤـاری كاروان ژمارە (٧٠) و (٧١)، كتێبی (محمد پاشـــا الرواندزی).

له دوای شـــەڕ بیرقداریان شکاند و گەلێك تالآنیان کەوتە دەست و گەڕانەوە ڕەواندز"

کەواتە قســـەی عولەما نە توور بووە و نە گیزەر، نە مێش بووە و نە مێشــــوولە، هیچ. هەرچـــی عولەما گوتوویانە کەمترین تەئســـیری بە ســـەر شـــەرکەڕانی ســۆراندا نەبووە، ئەو شـــەڕکەرانە بە ورەی بـــەرزەوە ئـــەو هێزە گـــەورەیەی بایراقداریان شـــــکـانـدووە و بـــە گەلێك تالآنەوە گەڕاونەتەوە ڕەوانـدز.))[١٧] . ((حوزنی موکریـانی لـە کتێبی (میرانی سۆران) دەڵێت: نابێ شەڕ لەگەڵ سوڵتان

---

١٧- ڕێژمی ڕەواندزی سەردەمی پاشای کۆرە، شێرکۆ هەژار، چاپی یەکەم، ٢٠١٣، لـ ٦١

و خەلیفەی عوسمانی بکرێت، کەچی هەر خۆی لە هەمان کتێب دەڵێ: کە ئەوسا "مەلا عەزیز" ئامۆزای میر، موفتیی ڕەواندز بوو!))[18]

١٨- ریژمی رەواندز لـ ٦٢.

# خاڵی پێنجەم
## شایەتێک لە خزمانی پاشا

مامۆستا مەسعوود محەمەد باسی سەرەتای دەرچوونی کتێبی (میرانی سۆران) دەکات و دەڵێ:" مەلا ئەفەندی کە لە جیهەتی دایکییەوە دەگەڕێتەوە سەر خێزانی پاشای کۆرە، بەم شێوەیە دەقی چیرۆکی مەلای خەتێمان بۆ دەگێڕێتەوە: وەك ئەوەی لەسەر خیانەتکردن و نەکردنی (یوسف) ڕاجیایی هەبوو، لەبارەی ئەوەی توخنی زولەیخا کەوتووە یان نا، بەڵام وەك قورئان دەڵێ: (وشهد شاهد من أهلها)، بابزانین شایەتیکەی مامۆستا عیزەدین دەڵێ کراسەکەی یوسف (**قُدَّ مِنْ قُبُل**)، تاوانەکە دەخاتە ئەستۆی مەلای خەتێ، یاخود دەڵێ: کراسەکە (**قُدَّ مِنْ دُبُر**) بەرائەتی مەلای خەتێ دەسەلمێنێت؟ مامۆستا

عیزەدین چــــەنـد جـار ئـەم چـــیرۆکـەی لـەنێو مەجلیساندا گێڕاوەتەوە، لە نامەیەکی تایبەتیش بۆ من ئەمەی پاتە کردیتەوە، پوختەی چیرۆکەکە ئەمەیە:" ڕەوانشـــاد حوزنی موکریانی دانەیەکی کتێبی (میرانی سۆران)ی لە یەکێك لەسەردانەکان بـە دیـاری دا بـە (مـەلائـەفـەنـدی) بـاداوە، مـەلائـەفـەندیش لـەو مـاوەیـەدا ئـەو کتێبەی خوێندیتەوە، کاتێك بە حوزنی موکریانی دەگات، بـە گلەییەوە پێی دەڵێت: کاك حوزنی خۆت باش ئـەمـە دەزانی، فـەتواکـەی مـەلای خـەتێ بـە موافەقەی پاشـا بووە، ئەی بۆچی لەم هەقیقەتەدا بێدەنگ بوویت؟ جەنابی حوسـێن حوزنی، من لە عەبدوڵڵا موخلیس بەگم بیسـتووە، کە ئەویش لە

باوك و باپیریەوە بیستوویەتی، کە ئەو فەتوایە بە ڕەزامەندی هەموو لایەك بووە"[١٩]

بۆ پشـــتگیری ئەم بەســـەرهاتە کە مامۆســـتا مەســـعوود محەمەد وەك بەڵگەیەك دەیهێنێتەوە، مامۆســتا مەمدووح مزووری لە کتێبی (مێژووی ڕواندز)، دەڵێ: "ئەوەی هێندێك لە مێژوونووسان پێیـان وایە هۆی ڕووخانی میرنشـــینی ســـۆران فەتواکەی مەلا محەمەدی خەتێ بووە، ئەمە ڕاست نییـە. من ناڵێم یەقین مەلای خەتێ نەی گوتووە، شـــەڕی ســـوڵتان مەکەن، کە مێژوونووســـەکان گوتوویـانە، بەڵکوو گەر شـــتێکی گوتبێت، بۆ بەرژەوەندیی میللەت بووە، نەك خیانەت.

---

١٩- گۆڤاری کاروان ژمارە ٧١، کانوونی دووەمی ١٩٨٩، ساڵی حەوتەم.

تەماشـــای کردووە (میر) توانای شـــەڕی نەماوە، زانیویەتی شـــەڕ بێ ســـوودە، ویســـتوویەتی بە جۆرێکی حەکیمانە و بە وەستایی شەڕ بە تاڵ ببی و میللەت تووشی هەلاکەت نەبێت"[٢٠].

---

٢٠- مێژووی ڕواندز، مەمدووح مزووری، لـ ٢٥١.

# خاڵی شەشەم

## فەتواکەی مەلای خەتێ لەنێوان مەسعوود محەمەد و جەمال نەبەزدا

د. جەمال نەبەز پێی وایە مەسعوود محەمەد کە دەڵێ: "مەلای خەتێ فەتواکەی بە خواست و موافەقەی ئەمیر دەرکردووە، بۆ پارستنی وڵات لە وێرانبوون و کردنەوەی دەرگایەك بۆ ڕێکەوتنی ئاشتیی نێوانیان بووە" لەمەشدا پشتی بە دوو بەڵگە بەستووە:-

یەکەم: مەلای خەتێ کە بووەتە موفتی و مەرجەعی میرنشینی سۆران، لەسەر ئەو بنەمایە بووە کە نە ئەمیر دەست لە کاروباری ئایینی وەربدات و نە مەلای خەتێش دەست بخاتە کاروباری ژیانی میر، هەر یەکە و لە سنووری کارەکەی خۆی ئازاد بێت.

دووەم: ئەگەر مەلای خەتێ ئەو فەتوایەی دابێت، پاشا چۆن دەستەپاچە لێی دادەنیشت؟ بۆچی پاشا هیچ هــەڕەشـــــەیەکی لە مەلای خەتێ نەکردووە؟ بۆچــی لەسەر ئەم کارە دزێوە نەیکوشتووە؟ بۆچی حــاجی قــادری قوتابیی مەلای خەتێ، ورتەیەکی لەم بارەوە نەکردووە؟ "[21]

جەمال نەبەز دەڵێ: ســـەرباری ئەوەی مەســـعوود محەمەد ســـەبارەت بە شـــیتەڵکردنی ڕووداوەکانی کورد، کەســێکی وردە، بەڵام لە شیکردنەوەی ئەم فەتوایە تەواو ســەرکەوتوو نەبووە. سەرچاوەکانی مێژووی هاوچەرخ باسی ڕێکەوتنی نێوان ئەمیر و مەلای خەتێیان نەکردووە، بەڵام جەختیان لەســەر

٢١- الامير الكردي مير محمد الرواندزي، جمال نەبەز لـ ٢٦٦.

ئەوە کردووەتەوە کە دەستووری میرنشینی سۆران قورئان بووە، ئەمیر بەشداریی لە کاروباری ئایینی کردووە، هەروەها مەلای خەتێش بەشداری لە حوکمڕانیدا کردووە. هێندێك سەرچاوە ئاماژە بەوە دەکەن، کە هەر مەلای خەتێ بووە، فەتوای قەتڵ و عامی (داسنە)ی ئێزیدییەکانی داوە"[22].

جەمال نەبەز بۆ تۆمەتبارکردنی مەلای خەتێ و بەرپەچدانەوەی مەسعوود محەمەد ئاماژە بە لاوکێکی (عەزیز قەوان) دەکات و وەك بەڵگە دەیهێنێتەوە، لاوکەکە دەڵێ:"

شەڕێ مە ڕەقە،

وەکی ئاسنی برا،

٢٢- هەمان سەرچاوە، لـ ٢٦٦.

شەڕی مە بە تالّ نابێت لەگەلّ فەسادیّ،
دەماریّ غەمیّ، ئەویّ ڕۆژیّ شـــار و گوندی مە،
بمالاتە،
کەتە ویّ حالّیّ،
مەلاێی خەتیّ مەجلیسیّ خۆ لە شاری بەستاییّ،
لەسەر قەول و قراری خۆ ناهێتە دەریّ"[٢٣]
بـە بۆچـــوونی من، د. جـەمـال نـەبـەز لـە خیانەتبارکردنی مەلای خەتیّ ، لەســـەر هەمان ڕێوشـــوونی د. عـەبـدولفـەتـاح عـەلی یـەحیا ڕۆیشـتووە، کە مامۆسـتا مەسـعوود لە گۆڤاری کـاروان[٢٤] بـە درێژی وەلاّمی داوەتەوە و بە بەلّگە

٢٣- هەمان سەرچاوە، لـ ٢٧٢

٢٤- ژمارە ٧١- ٧٢.

بۆی ســـەلماندووە کە ئەمە ناهەقییە بەرانبەر ئەم مەلایەت کردووە.

هەمان ئەو لاوکەی کە جەمال نەبەز هێناویەتەوە، عــەبـدولفتــاح عــەلی یــەحیـاش لە ژمارە ٥٣ی گۆڤاری کاروانی ساڵی ١٩٨٧ لەژێر ناوی (الهجوم العثمانی علی کوردستان وسقوط إمارة سوران) باسی دەکات، گوایە مەلای خەتیٚ کۆبوونەوەیەکی کردووە و لە قســـەکانی خۆی نەهاتووەتە خواریٚ، دوای ئــەوەی ئــەمیریش خۆی تــەســـلیم کرد، خـەڵکەکە و مەلای خەتیٚ داوایان لە خودا کرد و شـەفاعەتیان بە شێخ عەبدولقادری گەیلانی کرد، کە ئەمیریان بە ســاغ و سەلامەتی بۆ بگێڕێتەوە. مامۆســـتا مەســـعوود محەمەد دەڵیٚ ئەم لاوکە

ئـاماژه به هیچ ڕێكەوتنێك لەنێوان مەلای خەتێ و پاشا ناكات، هەروەها ئاماژه به هیچ قسەیەكی مەلای خەتێش ناكات![٢٥] .

مـامۆســـتـا محـەمـەدی مـەلا كەریم: دەڵێ: " مەســەلەكە هەر گێڕانەوەی دەمییە و هیچ بەڵگە و دۆكۆمێنتێك له ئارادا نییە[٢٦]"

---

٢٥- بڕوانه گۆڤاری كاروان, ژماره ٧١.

٢٦- دووبابەت له بارەی بیر و شیعری حاجی قادری كۆییەوه، محەمەدی مەلا كەریم، لـ ٦٤.

# خاڵی حەفتەم

## ئەو مێژوونووس و ڕۆشنبیر و نووسەرانەی لە بارەی (فەتواکەی مەلای خەتێ) پشتگیری مەسعوود محەمەد دەکەن

دەستەیەك لە مێژوونووس و نووسەر و رۆشنبیرانی کورد لــە کــە لە بارەی مەلای خەتیٚ نووســـین و لیٚدوانیــان هەیە، پشـــتگیریی بۆچـــوونەکەی مامۆستا مەسعوود محەمەد دەکەن، لەوانە: -

پ. د. کـەمـال مــەزهــەر، دەربارەی ئەوەی ئایا ڕاســـتــە مــەلای خــەتیٚ خیــانــەتی کردووە و فــەتوایەکەی لەم جۆرەی داوە، دەڵیٚ:" دەوەڵڵاهی مەلای خەتیٚ یەکیٚك بووە لە پیاوە هەرە گەورە و دڵســـۆز و وردبــینــەکــانی نــەتــەوەی کورد، خوالیٚخۆشـــبوو مــەســـعوود محـەمەد جوانترین

نووســـینی لەســـەر مەلای خەتیّ نووســـیوە، بیّ قــەزابن، مــەلای خەتیّ چـــۆن خیانەت لە کورد دەکات؟ ئەو کوردی لە کیّشـــەیەکی گەورە ڕزگار کرد، مــەلای خــەتیّ بووە هۆی ئــەوەی ئــاوڕیّکی ڕەحمەت لە کورد بدریّتەوە، چۆن ئەم تەرزە پیاوە گەورانە، دەکەونە هەلّەی وا گەورە![27]"

هەروەها پ. د. عزەدین مســتەفا ڕەسوولّ، ئەمە بە هەلّبســـــتراویّکی حوســـیّن حوزنی موکریانی دەزانیّ و دەلّیّ:" ئــەمــە هــەلّبەســـــتراوە و هیچ بنچینەیەکی راستی نییە، بۆ یەکەم جار، (حوسیّن

---

٢٧- رۆشنبیران و پەیامی نەمری، حەیدەر عەبدوللاّ، لـ ٢٥.

حوزنی موکریانی) هەڵی بەستووە، بە دەر لەو هیچ کەسێك لە جەماعەتی پاشا ئەمەی نەگوتووە، بۆیە من پشتگیریی تەواوی بۆچوونی مەسعوود محەمەد دەکەم"[28]

مامۆستا عەبدوڵڵا حەسەن زادە، کە لەم بارە ئاگایی هەیە، دەڵێ: " من لەو سەرچاوانەی لە بارەی فەتواکەی مەلا خەتێ خوێندوومەوە، ڕەئیەکەی مامۆستا مەسعوود محەمەدم لە هەموویان زیاتر بە دڵە، کە دەڵێ: ئەم فەتوایە هەڵبەستراوە، چونکە مامۆستا مەسعوود محەمەد

---

٢٨- گۆڤاری (ڕاز) ژمارە (٢) لـ ٣٥.

کاتێك شــتێکی دەنووسی کاری بەمە نەبوو داخۆ کێ لێی ڕازی دەبێت و کێ دژی دەوەســـتێتەوە، هەروەها ڕەئیەکەی ئەو لەم بارە (ئیستیدلال)یشی تێ دایــە. ســـــەبــارەت بــە حوزنی موکریــانی دەیانگوت: کاتی خۆی کە شــتێکی دەنووســی:" لێیان دەپرســی سەرچاوەت چییە؟ دەیگوت گرنگ نییە ســەرچاوەم چییە، گرنگ ئەوەیە ئێمە دەبینە سەرچاوە بۆ خەڵك[٢٩]".

هەروەها مومتاز حەیدەری کە لە چـــەند گۆڤار و ڕۆژنـامـەیەك دەربارەی فەتواکەی خەتێ قســـەی

---

٢٩- هەمان سەرچاوەی پێشوو.

کردووە، دەڵێ:" من پێم وایە مامۆستا مەسعوود محەمەد لە بارەی فەتواکەی مەلای خەتێ ڕاست دەکات، چونکە ئەو دەیەوێت بە بەڵگە ئەمە بسەلمێنێت، ئەو نایەوێت بە ئاسانی تاوان بخرێتە پاڵ کەسانێکی ئایینی، پێویستە ئەم جۆرە مەسەلانە بە دەستنوێژەوە مامەڵەیان لەگەڵ بکەین، بۆیە من پێم وایە، قسەکانی مامۆستا مەسعوود محەمەد دەربارەی ئەم فەتوایەی ڕاستن[٣٠]"

٣٠- نامەیەکی مومتاز حەیدەری، تایبەت بۆ منی ناردووە، ٧/ ٣/ ٢٠١٤.

د. ســـەلام ناوخۆش دەڵێ:" لەســـەر مەســـەلەی فـەتواکەی مەلای خەتیٚ پێویســـتە قســـەکانی مـەســـعوود محەمەد وەربگرین، لەلای زۆرێك لە کوردستانییەکان مەسعوود محەمەد بە نوێکەرەوەی بیری نەتەوەیی کوردی دادەنرێت، بۆچـــوونەکانی ئـەو زۆر لـە هیی د. جـەمـال نەبەز بە واقیعیتر دادەنرێن،[٣١] هەر یەك لە (ســاڵح قەفتان و محەمەد

٣١- ئەم فەتوا یە، هاودژە لەگەڵ شەریعەتی ئیسلام و بەهیچ شێوەیەك لەگەڵ بنەماکانی ئیسلام یەکناگرێتەوە، هەروەها لەپلەو پایەی ئەم زانایەش ناوەشێتەوە کە بلێ( هەرکەسێك جەنگ لەگەڵ سوڵتان دا بکات، بە بێ ئیمانی دەمرێت و، تەڵاقی دەکەوێت). ڕەخنەگر ناتوانێ پشت بەم تۆمەتە هەڵبەستراوە ببەستێ لەبەر دوو هۆ: ئەم زانایە دەیتوانی لەساڵی ١٨٣٠ز. فەتوایەك دەربکات "کاتێك ئەمیر بانگەشەی ئیستقلالی کرد" بڵێت ئەم دابەش بوونە دژ بەدینەو خەڵك لەم بارەوە هان بدات. یاخود لە ساڵی ١٨٣١کاتێك ئەمیر داوای لە وتاربێژان کرد ناوی ئەو

ئــەمین زەکی بــەگ)، کــە بــاس لــە ڕووخــانی میرنشــینی سۆران دەکەن، بە هیچ جۆرێك ئاماژە

---

لە جێگەی (سوڵتان) دابنێن ، هەروەها فەرمانی دا سکەی پارە لێبدەن، دەی دەبوا مەلای خەتی فتوای دەرکردباو گوتبای ئەم جۆرە کارانە لەگەڵ شەریعەتی ئیسلام ناگونجێن... ئەی بۆچی فتوای نەدا؟ هەروەها پچڕ پچڕی لە گێڕانەوەی فتواکەدا هەیە، هیچ کەسێك نەبووە لەگێڕانەوەی ئەم فتوایە بڵێ من ڕاستەوخۆ لەمەلای خەتێم بیستووە، یاخود بەنووسراو بینیوومە بەبێ زیادە وکەمی. هەروەها ناکۆکێکی زۆر لە مەتنی دەقەکەدا هەیە، حوسێن حوزنی جارێك دەڵێت (جەنگان دژ بە سولتانەکان زیان بەدین و تەڵاق و عەقیدە دەگەیێنێت) جارێکی تر دەڵێت(هەرکەسێك لەگەڵ جەیشی عوسمانیەکان بجەنگێت، بەبێ ئیمانی دەمرێت، تەڵاقی ژنەکەشی دەکەوێت).لەلایێکی دیکە دکتۆر قاسملو دەڵێت: ( پاشای کۆرە خۆی دا بەدەستەوە بەهۆی تەحریکی مەلای خەتی کەپێی وابوو شەڕ دژی سوڵتان لەگوناهەگەورەکانە). بەهیچ شێوەیەك باسی دەرکردنی فتوای نەکردوە.. ئەمین زەکی بەگیش پێ وایە لە بەر نەڕژانی خوێن پاشا خۆی تەسلیم کردووە. بروانە بۆ کتێبی ( محمد پاشا الرواندزی... تاهیر عبدالله)

بە رۆڵی مەلای خەتێ ناکەن، هەروەها هێما بۆ هیچ فەتوایەك ناکەن"[32]

هەروەها چەندان مێژوونووس و نووسەری دیکەش بە ڕاستەوخۆ و ناڕاستەوخۆ، پشتگیریی بۆچوونەکەی مامۆستا مەسعوود محەمەد دەکەن و پێیان وایە لێکدانەوەی ئەو، بۆ ئەم فەتوایە، یەکلاکەرەوەیە.

٣٢- ئەفسانەی سیکۆلەری کورد، سەلام ناوخۆش، لـ ٨٩.

# خاڵی هەشتەم

## بۆچوون و تێڕوانینی من لەم بارەوە

به بۆچـــوونی من ئەوانەی کە پێیان وایە مەلای خـەتیّ فـەتوای داوە و میرنشـــینی ســـۆرانی رووخاندووە، لە دوو خاڵدا خۆیان دەبیننەوە:

یـەکەم: ئەوانەن کە ئایدۆلۆژیا پێش چـــاوی لێڵ کردوون و ئـەوەی خۆیـان پێیان باشـــە هەر ئەوە دەنووسنەوە و دەیڵێن، بۆ ئەمەش بە دوای بیانودا دەگەڕێن، رێچکە بە شارێ وەسف دەکەن و قەسپ دەکەنە ئەسـپ، دەیان میکیاج بۆ بۆچوونەکانیان دەکەن، ئەگەر بۆچـوونی بەرانبەر راسـتیش بێت ئـەوان ئیتر بڕیاریان داوە لە قەول و قراری خۆیان پاشگەز نابنەوە!

دووەم: کەسانێکن تەنێ خەریکی پاتەکردنەوەن، واتە: بە نەزانی، بەبێ سەرچاوە و سۆراغ، شت وەردەگرن، هەرگیز تاقەتی ئەوەیان نییە بپرسن راستی و ناڕاستیی هەواڵەکە لە کوێوە سەرچاوەی گرتووە؟

بە بۆچوونی من کەسێك بیەوێت لەم باسە و هاوشێوەکانی تێ بگات پێویستە بگەڕێتەوە بۆ نێو دەمارە وردەکانی مێژوو، نەفەسی ئایدۆلۆژیا لەبەر خۆی ببڕێت و بەرگی لایەنداری بە تەواوی دارنێت و بە دوای کۆنە قیندا نەگەڕێت.

من پێم وایە ئەو کەسانەی کە تاکوو ئێستا مەلای خەتێ بە خیانەتی گەورە تۆمەتبار دەکەن و بەردەوامیشن لەسەر بۆچوونەکانیان، ئەگەر بێت رۆژێك بدرێنە دادگا هیچ بەڵگەیەکیان بە دەستەوە نییە و دۆسیەکەیان دەدۆڕێنن.

بە تێگەیشتنی من، مەسعوود محەمەد زۆر بە وردی بۆ ئەم بابەتە چووە، هەموو لایەنە شاراوەکانی هەڵتەکاندووە و بە وردی ڕوونی کردووەتەوە. ئەو بە ئاوڕدانەوەی لەم باسە، ویژدانی خۆی بەرانبەر مێژووی نیشتمان و نەتەوەکەی ئاسوودە کردووە. بۆیە من وەك خۆم

پشتگیریی تەواوی مامۆستا مەسعوود محەمەد دەکەم، هەر کاتێك بەڵگەگەلێکی بەهێزتر و شیاوترم دەسکەوتن کە لە هیی ئەو بەهێزتر و باڵاتر بوون، بەبێ دوودڵی و ڕاڕای لە بۆچوونەکەم پەشیمان دەبمەوە.

# ئەنجام

لە کۆتایی ئەم باســــەدا بەم ئەنجامانەی خوارەوە گەیشتم:-

١- له شـیکردنەوەکانی مامۆسـتا مەسـعوود محـەمـەد دەردەکـەویێت، کـە مـەلای خەتیێ ئەم فـەتوایـەی نـەداوە، ئەگەر فەتواشـی دابێت بە ڕەزامەندی پاشای کۆرە خۆی بووە.
٢- یـەکەم کەس حوزنی موکریانی ئەم فەتوایەی خستووەتە پالّ مەلای خەتیێ، بەبیێ هیچ سەرچاوە و بەلّگەیەك، ئەوەش بە بۆچـوونی مەسـعوود محەمەد وەرناگیرێت و ناکرێتە سـەرچـاوەیەکی متمانە پێکراو.
٣-هـەموو ئـەو نووسـەرانـەی مەلای خەتیێ بە خیـانـەتبـار دەزانن، لە دوو حالّەت بە دەر نیین: یەکەم لەبەر نەزانی و کەم شارەزاییان لە مێژوو و ژینگـەی ژیـانی پاشـا و مەلای خەتیێ. دووەم:

بەهۆی گرفتی شەخسی، یان ئایدۆلۆژی، کە لەگەڵ جیهانی مەلای خەتیٚ و پەیڕەوانی مەلای خەتیٚ، یەك ناگرنەوە.

٤-مەسعوود محەمەد وەك خەمێك بۆ مێژووی کورد، بەرپەرچی ئەو نووسەرانەی داوەتەوە کە مەلای خەتێیان بە هۆکاری هەرەسهێنانی میرنشینی سۆران داناوە، بۆ ئەوەی نەوەی داهاتوو نەکەونە نێو ئەو هەڵەوە و لە خۆیانەوە تۆمەت هەڵنەبەستن.

# سەرچاوەکان

أ- کتێب

١- لە پەرۆشـییەکانی ژیان، مەسعوود محەمەد، چاپخانەی ئاراس، هەولێر،چاپی دووەم، ٢٠١١.

٢- الامير الكردی، مير محمد الرواندزی، جەمال نەبەز، ترجمة الى العربية: فخری سلاحشور، دار ئاراس، چاپی دووەم، ٢٠٠٣.
٣- فەتواكەی مەلای خەتێ ئەفسانەی مێژوونووسێك، حەسەن مەحموود حەمەكەریم، چاپخانەی چوارچرا، چاپی یەكەم، ٢٠٠٦.
٤- محمد پاشا الرواندزی، تاهير عبدالله، الطبعةالاولى، مطبعة الثقافة، اربيل، ٢٠٠٢.
٥- ڕێژمی ڕەواندزی سەردەمی پاشای كۆرە، شێركۆ هەژار، چاپی یەكەم، ٢٠١٣

٦- رۆشنبیری و پەیامی نەمری، دیمانە: حەیدەر عەبدوڵڵا، چاپخانەی رۆژهەڵات، هەولێر، چاپی یەکەم ٢٠١١.
٧- ئەفسانەکانی سیکۆلەری کورد، سەلام ناوخۆش، چاپی یەکەم، هەولێر ، ٢٠١٣.
٨- عنوان المجد فی بیان أحوال بغداد والبصرة ونجد، إبراهیم فصیح الحیدری، مطبعة دار الکتب العلمیة، لبنان، الطبعة الاولی، ٢٠١٠
٩- هاوسەنگکردنەوەی تەرازوویەکی سەنگەلا، مەسعوود محەمەد، وەرگێڕانی، حەکیم کاکەوەیس، وەریگێڕاوە بۆ کوردی، چاپخانەی رۆژهەڵات،هەولێر، چاپی دووەم، ٢٠١٤.

١٠-حـاجی قادری کۆیی، جەلال دەباغ، دەزگای چاپ و پەخشی حەمدی، سلێمانی، چاپی یەکەم، ٢٠٠٩.

١١-سـەرجەمی بەرهەمەکانی حوسـێن حوزنی مـوکـریـانـی، بـەرگی دووەم،چـاپخـانـەی ئاراس،هەولێر،چاپی دووەم ٢٠١١.

١٢-میـژووی ڕوانـدز، مـەمـدووح مزووری، چاپخانەی منارە، هەولێر، چاپی یەکەم، ٢٠٠٥.

١٣- دووبابەت لە بارەی حاجی قادری کۆییەوە، محەمەدی مەلا کەریم، چاپخانەی ئاراس، هەولێر، چاپی دووەم ٢٠٠٨.

١٤- حاجی قادری کۆیی، مەســـعوود محەمەد، بەرگی دووەم، چاپی دووەم ، هەولێر، ٢٠١٠.

ب- گۆڤارەکان

١٥- گۆڤاری کاروان ژمارە٧٠- ٧١، مەسعوود محـەمـەد (تثنيـة الحج الى اعتاب العلامة الختى) کانوونی دووەمی ١٩٨٩، ساڵی حەوتەم.

١٦- گۆڤـاری کـاروان، ژمارە ٣٨،عەبدولفەتاح عەلی یەحیا.(الهجوم العثماني على كوردســتان)، ١٩٨٧.

١٧- گۆڤـاری (زۆزگ) ژمــارە (١) کــانوونی دووەمی، لە بڵاوکراوەکانی (پ. د. ك.) ١٩٩٩.

١٨ - گۆڤـاری (راز) ژماره (٢) چـــاپخانەی خانی، دهۆك، ٢٠١١.

ج ـ سایتەکان

١٩ - www.mamosta.net

٢٠- www.wikipedia.org

تێبینی: ئەم کتێبۆچکەیە لە ئەسڵدا باسێك بوو لە "دیداری مەسعوود محەمەد" لە زانکۆی سۆران بە سەرپەرشتی هێمن عومەر خۆشناو پێشکەشم کرد، لەسەر داوای کاك محەمەد حسێن خەتی، بەم شێوەیە چاپ کرا.